## من تێت ناگەم ( (هۆنراوەی شالاو) )



من تێت ناگەم
تائەورۆژەی کێوی
گومان ئەروخێ بە سەر سەرماندا و
لێکمان دەکات
دڵم بارگەی هەزاران هەزار پرسیارە
من تێت ناگەم
چاوەکانت هێندە مەنگن
وەک سەرابن بێ سنوورن
تۆ ئەو چاوەت
لانەی هەزاران پرسیاری بێ وەڵامی
لە دڵی مندا نێشتووە
چاوی ترت
هەزاران وەڵامی بێ پرسیاری لە دوای خۆیدا
جێهێشتووە
بۆیە گوڵم
من تا ماوم پەی بەو ڕاستیە نابەم
زۆر دڵنیام لە تۆ ناگەم
من تێ ناگەم
لە نهێنی ئەو چاوانە
وەکوپەلکە زێڕینەی بەهارن
کاتێ کە ڕوومیان تیا دەکەی
وەک وەنەوشەم
باڵا باڵا من دەڕوێم
بەڵام کاتێ
کە ڕووی خۆتم تیا دەگۆڕی
لە مانگێکی گیراو دەچم
یان پەپوولەی دەوری چرام
هێدی هێدی من دەسووتێم
* * *

فرمێسک ( (شالاو) )

دڵۆپ دڵۆپ
من ئارەقی ئەم ووشانەم کرد بە شیعر
کە بۆ تۆم نارد
کە پایز هات بەم چاوانەم
ووشە ووشەم لەگەڵ گەڵای وەریوی گوڵ
دەدیت بەرباد
خۆشەویستم دڵـــــــنیا بە
ڕۆژێ دادی
پۆلوی گەرمی یادگاریەکان
دەتسووتێنی و
ئەوەی منیش دەسووتێنی
چەند دڵۆپێک فرمێسکی سارد.
shallaw1@hotmail. com